Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090406

# دەسترۆیی یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا
## (توێژینەوەیەکە لە چوارچێوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان – عێراق)

زانیاربختیارکریم

بەشی یاسا // کۆلێجی یاسا وکارگێری // زانکۆی هەڵبجە

پیشتوان حمید فرج

بەشی یاسا // زانکۆی گەرمیان

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

یاسادانەری ئاسایی، ماف و ئازادییە گشتییەکان، دەسەڵاتی تەقدیری، کۆتوبەندە دەستورییەکان، چاودێری دەستوری.

*Corresponding Author*

zanyar.kareem@uoh.edu.iq
pshtiwan.hameed@garmian.edu.krd


**پوختە**

ماف و ئازادییە گشتییەکان بە یەکێک لە گرنگترین و دیارترین ئەو پایانە هەژمار دەکرێت کە تیۆری دەستوری لەسەر بونیاد دەنرێت، بەڵام ڕێکخستنی ئەم بابەتە بە تەواوەتی لە چوارچێوەی دەستوردا کارێکی تاڕادەیەک ئەستەمە، هەربۆیە یاسادانەری دەستوری دەوڵەتان لە هەندێ باردا کاری ڕێکخستنی ئەم ماف و ئازادییانە دەسپێرێت بە لایەنێکی دیاری کراو کە ئەویش دەسەڵاتی یاسادانانە، و اتە دەکرێت بەپێی دەقە دەستورییەکان ئەم بابەتە ڕەو انەی لای یاسادانەری ئاسایی بکات بە مەبەستی ڕێکخستنی، ئەویش بە بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژە وەک: "... ئەمە ڕێکدەخرێت بە یاسا" یاخود "... پاڵپشت بە دەقی یاسا" یاخود "... بەپێی حوکمەکانی یاسا" یاخود "... لە سنوری یاسادا" یاخود "... جگە لەوەی کە هەڵاوێر کراوە بە یاسا". جا لەبەرئەوەی دەستور باڵاترین ڕێسای یاساییە لە دەوڵەتدا بەپێی پرنسیپەکانی باڵایی دەستور و پلەبەندی ڕێسا یاساییەکان، دەکرێت لە ناوەخنیدا چەندین کۆتوبەندی پەیوەست بەو ماف و ئازادییانە لەخۆ بگرێت و یاسادانەری ئاسایی پێوە پابەند بکات تاوەکو ببێتە گرەنتیەک بۆ پاراستنی کۆی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان و ڕێگر بێت لەبەرتەسکردنەوەی چوارچێوەکەیان لە کاتی پیادەکردنیاندا، کە ئەمەش بە یەکێک لە دیارترین خەسڵەتەکانی سیستەمی دیموکر اتی لە قەڵەم دەدرێت.

## پێشەکی:

ماف و ئازادییە گشتییەکان[١] بە یەکێک لە گرنگترین ئەو بابەتانە هەژمار دەکرێت کە لە دوتوێی دۆکیومێنتە نێودەڵەتییەکان و یاسا نێوخۆییەکاندا جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، وە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەشێوەیەکی گشتی ئەم ماف و ئازادییانە بەپێی دەستور رێکدەخرێن، ئەمەش لەپێناو پاراستنیان و هێنانەدی گرەنتی لە کاتی پیادەکردنیاندا لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە. سەربارى ئەوە دەشگونجێت ئەم بابەتە بە دەقێکی دەستوریی رەوانەی لای یاسادانەری ئاسایی بکرێت بە مەبەستی رێکخستنیان- بە رەچاوکردنی ئەو چوارچێوەیەی کە دەستور کێشاویەتی - بەجۆرێک هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو بنەما یاسای و سیاسی و فەلسەفیەی کە سیستەمی حوکمرانی لەسەر بونیاد دەنرێت لەنێوخۆی دەوڵەتدا.

گرنگی توێژینەوەکە: گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەوەی ئەگەری هەیە یاسادانەری ئاسایی زیادەڕۆیی بکات -بەتایبەتی لە هەندێ دەوڵەت و هەرێمدا- لەو دەستڕۆییەی کە پێیدەبەخشرێت بەپێی دەستور بۆ رێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان، بێگومان ئەمەش دورکەوتنەوەیە لەو ئامانجەی کە یاسادانەری دەستوری مەبەستیەتی و دەستدرێژیە بۆ سەر کرۆکی ماف و ئازادییەکە و بە لادانی یاسایی بەرچاو هەژمار دەکرێت.

کێشەی توێژینەوەکە: کێشەی توێژینەوەکەمان بریتیە لە وەڵامدانەوەی دوو پرسیاری سەرەکی، یەکەمیان: مەودای دەستڕۆیی یاسادانەری ئاسایی لە رێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا چەندە؟ وە سنورەکەی تا کوێیە؟ دووەمیان: ئەو دەقە دەستورییانەی کە تایبەتن بە ماف و ئازادییە گشتییەکان لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا تا چەند هەمامەنگ و گونجاوە لەگەڵ ئەو بنەما سەرەکییانەی کە پێویستە لە دەستورێکی مۆدێرن و دیموکراتدا هەبێت؟

ئامانجی توێژینەوەکە: سەرەڕای وەڵامدانەوەی هەردوو پرسیاری سەرەکی کێشەی توێژینەوەکە هەوڵدەدەین لەڕێی ئەم توێژینەوەیەوە تەواوی ئەو کۆتوبەندانە بخەینەڕوو کە دەستور دەیسەپێنێت بەسەر یاسادانەری ئاساییدا لە چوارچێوەی دانانی دەقە یاساییەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادییە گشتییەکان.

چوارچێوەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی (پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان –عێراقدا) یە بۆ ساڵی ٢٠٠٩ [٢]، کە ئەمەش جیای دەکاتەوە لە کۆی ئەو توێژینەوانەی کە لەو بوارەدا ئەنجامدراون.

میتۆدی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا پشت دەبەستین بە میتۆدی شیکاری، ئەویش لەڕێگەی شیکردنەوەی ئەو بنەما و دەقانەی کە لە چوارچێوەی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتوون سەبارەت بە ماف و ئازادییە گشتییەکان، لەگەڵ شرۆڤەکردنی ڕای زانایان و بڕیاری دادگاکان لەوبارەیەوە.

پلانی توێژینەوەکە: لەپێناو ئاشنابوون بە هەموو لایەنەکانی بابەتەکە توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ دوو باسی سەرەکی، باسی یەکەممان تەرخان کردووە بۆ دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا کە خۆی لە دوو داخوازیدا دەبینێتەوە، و لە باسی دووەمدا تیشکمان خستۆتە سەر چوارچێوەی یاسایی کاری یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا لەڕێگەی دوو داخوازییەوە.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو دەرئەنجام و پێشنیارانەی کە لە توێژینەوەکەدا پێی دەگەین دەخەینەڕوو.

### باسی یەکەم: دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا:

ئەگەر پێدانی دەسەڵات بە ڕەهایی نادادی بێت، بەهەمان شێوە کۆتکردنی دەسەڵات بە تەواوەتی جۆرێکە لە گرفت و ناهاوسەنگی کە دەبێتە هۆی ئیفلیج کردن و پەکخستنی جوڵەی کۆمەڵگە، ئەمەش وا لە یاسادانەری دەستوری دەوڵەتان دەکات کە هەوڵی ڕاگرتنی باڵانس بدەن لەنێوان دەسەڵاتەکاندا – لەنێویاندا دەسەڵاتی یاسادانان – لەڕێگەی پێدانی بڕێک لە ئازادی تەقدیری بە مەبەستی پیادەکردنی کاروبارەکانیان بەپێی سروشتی دەسەڵاتەکە. بۆ تێگەشتن لە دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ دوو داخوازی سەرەکی، داخوازی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ چەمکی دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا، لە داخوازی دووەمدا تیشک دەخەینە سەر سروشتی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان و کاریگەریان لەسەر دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەری ئاسایی:

#### داخوازی یەکەم: چەمکی دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا:

دەسەڵاتی تەقدیری بە مانا گشتیەکەی واتە ئازادی هەڵبژاردن کە دەبەخشرێت بە دەسەڵاتێکی دیاری کراو بۆ پیادەکردنی دەستڕۆییە یاساییەکانی (خالد، ٢٠١٧، ٢٦). بەڵام سەبارەت بە دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەر – لەبەرئەوەی بابەتێکی تاڕادەیەک نوێ یە – شارەزایانی بواری دەستوری بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە دیاری کردنی ماناکەی دا، هەندێکیان پێیان وایە کە مەبەست لێی: ئازادی هەڵبژاردنە کە بەخشراوە بە دەەسەڵاتی یاسادانان لە پیادەکردنی دەستڕۆییەکەی لە دانانی دەقە یاساییەکاندا (جمال الدين، ٢٠١٠، ٢٧٦). هەندێکی تر دەڵێن: توانای یاسادانەرە بۆ ڕێکخستنی بابەتێکی دیاری کراو بەبێ ئەوەی یاسادانەری دەستوری مەرجی دیاری کراوی بەسەردا بسەپێنێت و کۆتوبەندی دەستڕۆییەکەی بکات لە پیادەکردنی دەستڕۆییەکەی لە دانانی یاسادا (الطبطبائي، ٢٠٠٠، ٤٢٦). هەروەها دادگای دەستوری باڵا لە میسر لە یەکێک لە حوکمەکانیدا کە لە ساڵی ٢٠١٠ دەرچووە جەختی لەسەر هەمان مانا کردۆتەوە (ئاماژەی پێکردووە: أبو سهمدانة و خليل، ٢٠١٢، ١٨).

لەم پێناسانەی سەرەوە بە ڕوونی لەوە تێدەگەین کە سنوری دەسەڵاتی یاسادانەری ئاسایی تا ئەوکاتەیە بەپێی دەستورکۆتوبەندی بۆ دادەنرێت، بە واتایەکی تر یاسادانەر ئازادە لە ڕیکخستنی هەر بابەتێک بەو شێوەیەی کە خۆی بە گونجاوی دەزانێت بە ڕەچاوکردنی کۆی ئەو کۆتوبەندانەی کە دانەری دەستوریی لە نێو دەستوردا بەسەریدا دەیسەپێنێت. کەواتە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی یاسادانەری ئاسایی وەک بنەمای سەرەکی (الأصل) دەسەڵاتێکی تەقدیریە و کۆتکراوە وەک هەڵاوێر (الاستثناء) (الطماوي، ١٩٨٤، ٣٦).

بە واتایەکی تر بنەمای سەرەکی لە کاری یاسادانان‌دا بریتیە لە بوونی دەستڕۆیی تەواو لای یاسادانەر لە دەرکردنی یاسادا، بەڵام ئەم دەستڕۆییە بە ڕەهایی پیادە ناکرێت لەبەرئەوەی هەندێ لە ڕێسا بنەڕەتییەکان کە لە

چوارچێوەی دەستوردا هاتووە بە ڕێسای دەستوری توند (جامد) هەژمار دەکرێن، بۆیە دەستڕۆیی دەسەڵاتی یاسادانان تەواو سنوردار کراوە و دەسەڵاتی تەقدیری تێیاندا نیە (الشرفاني، ٢٠١٦، ١٠٣)، وەک دەستڕۆییە حصریەکانی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی مادە (٧٤) لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، و دەستڕۆییەکانی دادگای دەستوریی کە بەشیوەی حصر ئاماژەیان پێکراوە بەپێی مادە (٩٥) لەهەمان پرۆژەدا. هەروەها مادەکانی (٨٠) و (٩٣) لە دەستوری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥) دەستڕۆییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی و ئەنجومەنی وەزیران دیاری دەکات.

کەواتە لەم جۆرە ڕێسایانەدا یاسادانەری ئاسایی بەهیچ شێوەیەک مافی هەموارکردنی نییە چ بە کەمکردن بێت یاخود زیادکردن یاخود هەڵوەشاندنەوە، بەڵکو تەنها لەو ڕێسا دەستورییانە دەسەڵاتی تەقدیری هەیە کە دانەری دەستوری ڕێگەی پێداوە بە یاسا ڕێکیان بخات، وەک بڕگەی یەکەم لە مادە (٤١) لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان کە دەقی داوە لەسەر ئەوەی: "شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و چۆنێتی و کاتی ئەنجامدانی و ڕێژەی نوێنەرانی تیایدا بەپێی یاسا دیاری دەکرێت". لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەر لە هەموو حاڵەتەکاندا ڕەها نییە بەڵکو ملکەچە بۆ چاودێری دەستوریی، ئەمەش دەبێتە خاڵی جیاکەرەوە لەنێوان چەمکی دەسەڵاتی تەقدیری و دەسەڵاتی کۆتکراو، لەبەرئەوەی لە دەسەڵاتی تەقدیریدا چەند هەڵبژاردنێک لەبەردەم یاسادانەردا هەیە و هیچ کۆتوبەندێکی لەسەر دانانرێت، هەربۆیە ئەم دەسەڵاتە تەوەری چاودێری دەستورییە لەسەر یاساکان زیاتر لە چاودێری لەسەر دەسەڵاتی کۆتکراو (الموسوي، ٢٠١٨، ٤)

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا یاسادانەر دەسەڵاتێکی تەقدیری هەیە لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا؟ یاخود لەنێو دەقەکانی دەستوردا هیچ کۆتوبەندێک دانراوە بۆ یاسادانەر ئاسایی سەبارەت بە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان؟ هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە کە یاسادانەر دەسەڵاتێکی تەقدیری هەیە لەم بابەتەدا، لەبەرئەوەی دامەزرێنەری دەستوری هیچ کۆتوبەندێکی دیاری کراوی دانەناوە لەسەر دەسەڵاتی یاسادانەر لە کاتی ڕێکخستنی ئەو ماف و ئازادییانەدا، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی هەندێ کۆتوبەندی داناوە لەسەر دەسەڵاتێکی تەقدیری یاسادانەر (الشيمي، ٢٠٠١، ٣٦٠). لەڕاستیدا لە دەستوری هەندێ دەوڵەتدا دەق هاتووە لەسەر کۆتکردنی دەسەڵاتی یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا، بۆ نموونە مادە (٤٦) لە دەستوری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥) دەقی داوە لەسەر: "پیادەکردنی هەریەکێک لەو ماف و ئازادییانەی کە لەم دەستورەدا هاتووە ناکرێت سنوردار بکرێت تەنها بە یاسا نەبێت یاخود پشت بەست بە یاسا نەبێت، بە مەرجێک ئەم دیاری کردنە یاخود سنوردار کردنە کرۆکی ماف و ئازادییەکە نەشوێنێت" [٣]. بەهەمان شێوە بڕگەی یەکەم لە مادە (٣٨) لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٩) دەقی داوە لەسەری: "نابێت هیچ کۆتێک دابنرێت لەسەر بەکارهێنانی ئەو مافە شارستانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیریانە و مافەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینیانەی کە لەم دەستورەدا دانیان پێدانراوە مەگەر بە یاسا بێت، بەمەرجێ ئەو کۆتەی دادەنرێت کرۆکی مافەکان نەپێکێت..".

کەواتە دەگونجێت لە چوارچێوەی دەستوردا بە دەقێک کۆتوبەند لەسەر یاسادانەری ئاسایی دابنرێت و پابەند بکرێت پێوەی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتیەکاندا. وە دانانی ئەم کۆتوبەندەش مانای ئەوە ناگایەنێت کە یاسادانەر هیچ دەسەڵاتێکی تەقدیری نییە لە ڕێکخستنی بابەتەکاندا، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی تەقدیری بوونی هەیە کاتێک دەسەڵات بوونی هەیە، هەربۆیە هەڵوێستی یاسادانەری دەستوری عێراقی و هەرێمی کوردستان لەمڕووەوە بەباش لە قەڵەم دەدرێت. هەروەها بە دیوێکی تردا دەکرێت – لە هەندێ باردا – خودی دەستورەکان دەسەڵاتی تەقدیری بدات بە یاسادانەری ئاسایی بۆئەوەی بەپێی یاسا ماف و ئازادییە گشتییەکان ڕێکبخات، و دەبێت پەرلەمان لە ئامانجی مەبەست لانەدات و پێوەی پابەند بێت. بۆ نموونە بڕگەی هەژدەهەم لە مادە (١٩) لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان دەڵێت: "ئازادی دامەزراندنی حیزبەکان دەستەبەرکراوە و بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت". هەروەها هەریەک لە مادەکانی (١٩ /یازدەهەم)، و (٢٥)، و (٢٦) و (٣٤) لە پڕۆژەکەدا بەهەمان شێوە جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکەنەوە.

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە دەسەڵاتی تەقدیریی یاسادانەری ئاسایی لەڕووی سروشتەوە هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ دەسەڵاتی تەقدیری ئیدارە و دادگاکاندا بەڵکو جیاوازییەکەیان لەڕووی پلەوەیە (درجة)، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یاسادانەر تەنها ملکەچە بۆ ڕێسا دەستورییەکان و پرنسیپە گشتییەکانی یاسا، لەکاتێکدا ئیدارە و دادگاکان لەپاڵ ڕێساکانی دەستور و پرنسیپە گشتییەکانی یاسا دەبێت ملکەچی تەواوی ئەو یاسایانەش بن کە یاسادانەری ئاسایی دەریان دەچوێنێت (البرزنجي، ١٩٧١، ٢٩).

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە مەبەست لە دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەری ئاسایی ئەو ئازادییەیە کە پێی بەخشراوە بۆ هەڵبژاردن لەنێوان کۆمەڵێک بژاردەدا لە پیادەکردنی تایبەتمەندییەکەی لە دانانی یاسادا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبێت بەڵکو دەبێت پابەندی ئەو سنورە بێت کە دەستور بۆی دیاری کردووە لەپێناو هێنانەدی ئامانجێکی دیاری کراو کە یاسادانەری دەستور مەبەستیەتی. بە واتایەکی تر لەتەک ئەو دەسەڵاتەی کە یاسادانەری ئاسایی هەیەتی بۆ پیادەکردنی تەواوی دەستڕۆییەکانی، دەسەڵاتی کۆتکراوی یاسادانەریش هەیە کە تیایدا ئازادی هەڵبژاردنی نامێنێت لەنێوان کۆمەلێک بژاردەدا بۆ ڕێکخستبی بابەتێکی دیاری کراو لە نێو یاسادا، بەڵکو دەبێت بەپێی ئەو فۆڕمەی کە دەستوردەستنیشانی کردووە تایبەتمەندییەکەی پیادە بکات. لە گرنگترین شێوازی دەسەڵاتی کۆتکراوی یاسادانەربریتیە لە بەشێک لە ماف و ئازادییە گشتییەکان (مافە ڕەهاکان)، واتە ئەو ماف و ئازادییانەی کە ناکرێت بە یاسا ڕێکبخێت یاخود دەستور کۆتوبەندی دیاری کراوی داناوە لەسەر یاسادانەر و دەسەڵاتەکەی سنوردار کردووە لە ڕێکخستنیدا، لە داخوازی دووەمدا ئەم بابەتە بەوردی تاوتوێ دەکەین.

داخوازی دووەم: سروشتی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان و کاریگەریان لەسەر دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەری ئاسایی:

ماف و ئازادییە گشتییەکان بە یەکێک لە گرنگترین ئەو پایانە دادەنرێت کە سیستەمی دەستوری لە دەوڵەتدا لەسەر بونیاد دەنرێت، بەو پێیەی

گرەنتی پیادەکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان و پاراستنیان بەرپرسیارێتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت، هەر بۆیە سیستەمی یاسایی هەر دەوڵەتێک لە ڕێگەی کۆمەڵێک دەقی یاساییەوە بابەتی ماف و ئازادییە گشتییەکان ڕێکدەخات تاوەکو دەستەبەری پیادەکردنیان بۆ هاوڵاتیان بکات، لەهەمان کاتدا سیستەمی گشتی لە کۆمەڵگەش بپارێزێت. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئایا سروشتی ماف و ئازادییە گشتییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەری ئاسایی لە کاتی ڕێکخستنیاندا؟ یاخود ئایا دەگونجێت هەموو جۆرەکانی ماف و ئازادییە گشتییەکان لە چوارچێوەی یاسای ئاساییدا ڕێکبخرێت؟ بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان دوو جۆر لە ماف و ئازادییە گشتییەکاندا، کە لە دوو لقی سەربەخۆدا ئاماژەیان پێدەکەین:

**لقی یەکەم: ئەو ماف و ئازادییە گشتییانەی کە شایەنی ڕێکخستنی یاسایی نین:**

سەبارەت بەم جۆرە لە ماف و ئازادییەکان ڕووبەڕووی هیچ ئاستەنگییەک نابینەوە، هەروەها هیچ کێشەیەکی پەیوەست بە لادانی یاسایی (الانحراف التشریعي) تیایاندا نایەتە ئاراوە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە لە ماف و ئازادییە گشتییانە بەشێوەیەکی کۆتایی و براوە لەلایەن یاسادانەری دەستورییەوە ڕێکخراون، هەر بۆیە یاسادانەری ئاسایی دەسەڵاتی تەقدیری نییە لە ڕێکخستنی ئەم ماف و ئازادییانەدا و ناتوانێت یاسایان لەبارەوە دەربکات (سرور، ٢٠٠٠، ٣٠). وە ئەم جۆرە لە ماف و ئازادییە گشتییانە بەوە ناسراون کاتێک لەنێو دەستوردا دەقیان لەسەر دێت هیچ دەستەواژەیەکی وەک "لە سنوری یاسا" یان "بەپێی یاسا" یان "پاڵپشت بە یاسا" لەپاڵیدا بەکار نایەت یاخود بەپێچەوانەوە دەستەواژەی (ڕەها)ی پێوە دەلکێت (سعید، ٢٠١٠، ٥٢).

لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کودستاندا – هاوشێوەی دەستوری کارپێکراوی عێراق – هیچ دەقێک نادۆزیتەوە کە ئەو ماف و ئازادییە گشتییانە لەخۆ بگرێت کە شایەنی ڕێکخستنی یاسایی نین، لەبەرئەوەی پرۆژەکە ڕێسایەکی گشتی داناوە بۆ کۆتکردنی سەرجەم ئەو ماف و ئازادییانەی لە پرۆژەکەدا هاتوون بەپێی یاسای ئاسایی، بەشێوەک پرۆژەکە دەقی داوە لەسەر: "نابێت هیچ کۆتێک دابنرێت لەسەر بەکارهێنانی ئەو مافە شارستانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیریانە و مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییانەی کە لەم دەستورەدا دانیان پێدانراوە مەگەربە یاسا بێت، بەمەرجێ ئەو کۆتەی دادەنرێت کرۆکی مافەکان نەپێکێت...". ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە یاسادانەری ئاسایی دەتوانێت بە یاسایەک هەستێت بە کۆتکردنی تەواوی ماف و ئازادییەکان بەو مەرجەی پێشێلکاری نەبێت بۆ کرۆکی مافەکە یاخود ئازادییەکە.

بەپێچەوانەوە لە دەستوری هەندێ دەوڵەتدا نموونەی ئەم جۆرە لە ماف و ئازادییەکان دەبینرێت، وەک یاسای بنەڕەتی ئەڵمانی بۆ ساڵی ١٩٤٩ کە لە مادە (١) دەقی داوە لەسەر: "کەرامەتی مرۆڤ شایەنی پێشێلکردن نییە، ڕێزگرتن و پاراستنی ئەرکێکە لەسەر تەواوی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت"، بە تێڕوانین لەو مادەیە بۆمان دەردەکەوێت کە دەستوری ئەڵمانی بەڕوونی و ئاشکرایی دەقی داوە لەسەر ئەوەی کە کەرامەتی مرۆڤ شایەنی ڕێکخستن نییە بە یاسای ئاسایی، واتە بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە یاسادانەری ئاسایی نادرێت پێشێلی ئەم مافە بکات. بەهەمان شێوە دەستوری میسر بۆ ساڵی ٢٠١٤ لە مادە (٦٤) دا دەقی داوە لەسەر: "ئازادی بیروباوەڕ ڕەهایە"، کەواتە مانای ئەوەیە کە میسرییەکان ئازادی رەهایان هەیە لە هەڵبژاردنی ئەو بیروباوەڕەی کە بڕوایان پێیەتی بەبێ ئەوەی یاسادانەری ئاسایی بتوانێت هەڵبستێت بە ڕێکخستنی ئەم جۆرە لە ئازادی لەچوارچێوەی یاسایەکدا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین لە دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستاندا – هەروەک دەستوری هەندێ لە دەولەتان – بە دەقی ئاشکرا ڕێگری بکرێت لە یاسادانەری ئاسایی کە هەڵبستێت بە ڕێکخستنی هەندێ لەو ماف و ئازادییانەی کە لەنێو دەستوردا هاتوون، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن بە ژیان و کەرامەتی مرۆڤەوە.

**لقی دووەم: ئەو ماف و ئازادییە گشتییانەی کە شایەنی ڕێکخستنی یاسایین:**

ئەم جۆرە لە ماف و ئازادییە گشتییەکان – بە پێچەوانەی جۆری یەکەمەوە – بەپێی دەستور ڕەوانەی یاسای ئاسایی دەکرێن بەمەبەستی ڕێکخستنیان، واتە دەکرێت یاسادانەری ئاسایی ئەم ماف و ئازادییانە ڕێکبخات بەو مەرجەی نەبێتەهۆی کەمکردنەوەی خودی مافەکە یان ئازادییەکە یاخود بەهەدەردانی بەشێوەیەکی تەواو یاخود کۆتوبەندێک بسەپێنێت بەسەریدا بەشێوەیەک پیادەکردنی مافەکە یان ئازادییەکە گران بکات لەسەر تاکەکان (خالد، ٢٠١٧، ١٣٣). ئەمەش زۆرینەی ماف و ئازادییە گشتییەکان دەگرێتەوە کە لە دەستوردا دەقی لەسەر هاتووە و ڕەوانەی لای یاسای ئاسایی کراوە بە مەبەستی ڕێکخستنیان ئەویش بە بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژە وەک: "لە سنوری یاسادا" یاخود "بەپێی یاسا" یاخود "پاڵپشت بە یاسا" یاخود "ئەمە بە یاسا ڕێکدەخرێت".

کەواتە دەسەڵاتی یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ئەم جۆرە لە ماف و ئازادییە گشتییانە دەسەڵاتێکی تەقدیرییە بەو پێیەی لە دەستورەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەسەڵاتەکەی ڕەها بێت بەڵکو دەبێت ملکەچی کۆمەڵێک کۆتوبەند بێت:

١. دەبێت یاساکە کۆک بێت لەگەڵ ئەو دەقە دەستورییەی کە پرەنسیپی گشتی بۆ خودی مافەکە یاخود ئازادییەکە داناوە کە بابەتی ڕێکخستنە یاساییەکەیە.

٢. دەبێت یاساکە چوارچێوەی مافەکە یاخود ئازادییەکە کەم نەکاتەوە و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە، واتە ناکرێت تەنها کۆمەڵەیەک پیادەی مافەکە یاخود ئازادییەکە بکەن و کۆمەڵەیەکی دیکە لێی بێبەش بکرێن ئەمەش بەپێی پرەنسیپی یەکسانی (مبدأ المساواة) کە لە مادە (٢٠) لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان دەقی لەسەر هاتووە.

٣. دەبێت یاساکە کۆتێک لەسەر مافەکە یاخود ئازادییەکە دانەنێت بەشێوەیەک پیادەکردنی گران بکات بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، واتە دەبێت ڕێکخستنەکە لە سنوری مەبەستەکانی دەستور (مقاصد الدستور) بێت بۆیە پێویستە یاسادانەری ئاسایی لە کاتی دەرکردنی یاساکەدا ڕەچاوی ئەو ئامانجانە بکات کە دامەزرێنەری دەستوریی مەبەستێتی (سعید، ٢٠١٠، ٥٣ - ٥٤).

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە بڕگەی دووەم لە مادە نۆزدەدا بەشێوەیەکی گشتی و زۆر بە ڕوونی دەقی داوە لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی یاسادانان لە دەوڵەتدا دەتوانێت کۆتوبەند بخاتە سەر کۆی ئەو مافانەی کە لە جارنامەکەدا هاتووە بە ئامانجی دانپێدانان بە ماف و ئازادی کەسانی تردا و پاراستنی سیستەمی گشتی و بەرژەوەندی گشتی لە کۆمەڵگەدا، بەڵام هیچ کۆتوبەندێکی تایبەتی دانەناوە بۆ مافێکی دیاری کراو یاخود کۆمەڵێکی دیاری کراو لە مافەکان[٤].

پاڵپشت بەوەی باسمان کرد لەسەرەوە دەتوانین بڵێین دەستڕۆیی یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی بەشێک لە ماف و ئازادییە گشتییەکان بە تەواوەتی کۆتکراوە و بە هیچ شێوەیەک دەسەڵاتی تەقدیریان تێدا نییە، لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی دەستوردا پەرلەمان ڕانەسپێدراوە بۆ ڕێکخستنیان بەڵکو بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە لەلایەن دامەزرێنەری دەستورییەوە ڕێکخراون. بەڵام سەبارەت بە زۆرینەی ماف و ئازادییە گشتییەکان دەسەڵاتی یاسادانەر لە ڕێکخستنیاندا دەسەڵاتێکی تەقدیریە کە بەپێی دەقە دەستورییەکان بۆی ڕەوانە کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ڕەچاوی ئەو سنورە بکات کە دەستور بەسەریدا دەسەپێنێت لە کاتی ڕێکخستنی مافێک لە مافەکان یاخود ئازادییەک لە ئازادییە بنەڕەتییەکان. وە لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاوشێوەی دەستوری عێراق تەواوی ئەو ماف و ئازادییانەی کە دەقیان لەسەر هاتووە لە جۆری دووەمن، واتە دەکرێت یاسادانەر بە یاسایەکی ئاسایی هەستێت بە کۆتکردنیان بەمەرجێ کرۆکی مافەکە یاخود ئازادییەکە پێشێل نەکات.

باسی دووەم: چوارچێوەی یاسایی کاری یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا:

بۆ تێگەشتن لە چوارچێوەی یاسایی کاری یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا، ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ دوو داخوازی سەرەکی، لە داخوازی یەکەمدا ڕەهەندەکانی دەسەڵاتی یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا دەخەینەڕوو، لە داخوازی دووەمیشدا چاودێری دەستوری لەسەر دەسەڵاتی یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا تاوتوێ دەکەین.

داخوازی یەکەم: ڕەهەندەکانی دەسەڵاتی یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا:

تیۆری پایەکانی کاری یاسایی لە بنچینەدا لە چوارچێوەی یاسای کارگێڕیدا هاتۆتە ئاراوە، کە مەبەست لێی ئەو پایانەیە کە بەسەر ئیدارەدا دەسەپێنرێت لە کاتی دەرکردنی بڕیارە کارگێڕیەکاندا، پاشان زانایانی بواری یاسای دەستوری ئەم پایانەیان وەرگرت تاوەکو جێبەجێی بکەن بەسەر یاسادانەردا لە کاتی دەرچواندنی یاساکاندا. کەواتە یاسادانان وەک هەر کارێکی تری یاسایی لەسەر هەندێ پایە بونیاد دەنرێت، و بە نەبوونی هەریەک لەو پایانە بە کارێکی نا دەستووری هەژمار دەکرێت و هەڵدەوەشێتەوە (الطبطبائي، ٢٠٠٠، ٤٣٨). پایەکانی دەرکردنی یاسا بریتییە لە دەستڕۆیی و شێوە و هۆ و شوێنگە و مەبەست، و دەسەڵاتی یاسادانەر لەم ڕایەڵانەدا وەک یەک نییە بەجۆرێک لە هەندێکیاندا دەسەڵاتەکەی کۆتکراوە و لەوانی دیکەدا دەسەڵاتەکەی تەقدیرییە، بۆیە هەوڵدەدەین لەم باسەدا بە وردی تیشک بخەینە سەریان لە دوتوێی دوو داخوازی سەربەخۆدا.

لقی یەکەم: ڕەهەندە کۆتکراوەکانی دەسەڵاتی یاسادانان لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا:

یاسادانەر لە کاتی دانانی ئەو دەقە یاساییانەی کە ماف و ئازادییە گشتییەکان ڕێکدەخەن دەسەڵاتەکەی کۆتکراوە بەو ڕێسایانەی کە دەستور دیاری کردووە، هەروەها کۆتکراوە بەو پرنسیپە گشتییانەی کە بوونی مرۆڤی لەسەر بەندە، و ڕەگەزەکانی کۆتکردن کە یاسادانەری ئاسایی ملکەچێتی خۆی دەبینێتەوە لە هەر سێ پایەی تایبەتمەندی و شێوە و مەبەست، ئەمەش لە سێ لقی جیاوازدا ئاماژەیان پێدەدەین.

یەکەم: پایەی تایبەتمەندی (الاختصاص):

بیرۆکەی تایبەتمەندی لە ڕێسا بنەڕەتییەکانە لە بواری یاسای گشتییدا، و هەندێ پێیان وایە ڕێساکانی تایبەتمەندی هاوشێوەی ڕێساکانی شیاوێتیە (الأهلية) لە یاسای تایبەتدا، لەبەرئەوەی هەردووکیان بونیاد دەنرێن لەسەر توانا بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری یاسایی (الحلو، ٢٠٠٤، ٣٧٥). وە بیرۆکەی تایبەتمەندی گرێدراوە بە پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، کە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دابەش دەکات بۆ سێ دەسەڵاتی سەرەکی کە ئەوانیش بریتین لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری، و هەریەک لەم دەسەڵاتانە سەربەخۆن لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیاندا کە دەستور بۆی دیاری کردوون، و ناکرێت کارێک ئەنجام بدەن کە دەچێتە چوارچیوەی دەسەڵاتێکی ترەوە مەگەر لە دەستوردا دەقێک هەبێت پێچەوانەی ئەمە بخوازێت. بەواتایەکی تر ئەم سێ دەسەڵاتە بەپێی دەستور دادەمەزرێن و تایبەتمەندییەکانیان بۆ دەستنیشان دەکرێت (سالمان، ٢٠٢٠، ٧).

لە عێراقدا بە پێی مادە (٦١) لە دەستوری کارپێکراو تایبەتمەندی دانانی یاساکان بەشێوەی حصر دراوە بە ئەنجومەنی نوێنەران، بەهەمان شێوە بەپێی بڕگەی (سێیەم/١) لە مادە (٥٣) لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی دەرکردنی یاساکانی بەخشیوە بە پەرلەمانی کوردستان، هەروەها دەکرێت لە چوارچێوەی دەستوردا هەندێ کار بدرێت بە پەرلەمان کە زیاتر سیفەتی کارگێڕیان هەیە، لەم حاڵەتەدا ئەم کارانە بەشێوەی بڕیاری کارگێڕی دەرناکرێت بەڵکو لەسەرشێوازی یاسا دەردەکرێن وەک پەسەندکردنی بودجەی گشتی کە لە بڕگەی حەوتەم لە مادە (٥٣) لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان دەقی لەسەردراوە.

لە کاتێدا ئەنجومەنی وەزیران –بە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن – بەپێی بڕگەی پێنجەم لە مادە (٧٤) لە پڕۆژەی دەستوری هەرێم و بڕگەی سێیەم لە مادە (٨٠) لە دەستوری کارپێکراوی عێراق تایبەتمەندی دەرکردنی پێڕەو و ڕێنماییەکانی هەیە بە ئاماجی جێبەجێ کردنی یاساکان. هەروەها بەپێی بڕگەی چوارەم لە مادە (٧٤) لە پڕۆژەکە ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت پڕۆژە یاسا ئامادە بکات و پێشکەش بە پەرلەمانی بکات، ئەمەش لە بڕگەی دووەم لە مادە (٨٠) لە دەستوری عێراقدا دوپات کراوەتەوە. وا باشترە لەم حاڵەتەدا ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێت و پەیوەستن بە ڕێکخستنی یەکێک لە ماف و

ئازادییە گشتییەکان ئاڕاستەی لیژنە پسپۆڕ و تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکرێن بە مەبەستی دوبارە داڕشتنەوەیان بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە یاسادانەری ئاسایی تایبەتمەندی نییە لە دەرکرنی پێڕەو و ڕێنماییەکاندا و ناکرێت سەرپێچی ئەو ڕێسا دەستوریانە بکات کە دەسترۆییەکانی ڕێکدەخات، لەبەرئەوەی بیرۆکەی تایبەتمەندی لە ناوەخنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەوە لەدایک دەبێت کە ئامانجی ڕێکخستنی سەرجەم دەسەڵاتەکان و دیاری کردنی دەسترۆییەکانیانە، بۆیە دەرکرنی پێڕەو و ڕێنماییەکان بەشێوەی یاسا لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە بە زیادەڕۆیی دادەنرێت بۆ تایبەتمەندییەکانی کە دەستور بۆی دیاری کردووە.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە، ئایا دەکرێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ڕێگەی دەرکردنی بڕیارەوە پیادەکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان ڕێکبخات پاڵپشت بە ڕاسپاردنی پەرلەمانی (التفويض البرلماني)؟ بە واتایەکی تر ئایا دەگونجێت دەسەڵاتی یاسادان بە ڕاسپاردن تایبەتمەندییەکانی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان بدات بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن؟

لەڕاستیدا بەشێکی زۆر لە دەوڵەتان ڕێگەیان بە ڕاسپاردنی پەرلەمانی داوە پاش هاتنە دی تەواوی ئەو مەرجانەی کە لەنێو دەستوردا دەقی لەسەر هاتووە، وە زۆرینەی دەستورەکان تەنها لە بارودۆخە هەڵاوێرکراوەکاندا (الظروف الاستثنائية) ڕێگەیان بەو ڕاسپاردنە داوە، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە بڕگەی نۆیەم لە مادە (٦١) لە دەستوری کارپێکراوی عێراقدا دەردەکەوێت کە دەڵێت دەکرێت ئەنجومەنی نوێنەران دەسترۆیی پێویست بسپێرێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەشێوەیەک بتوانێت کاروباری وڵات بەڕێوەبەرێت لە کاتی ڕاگەیاندنی شەڕ و باری نائاساییدا، وە ئەم تایبەتمەندییانە بە یاسا ڕێکدەخرێت بە مەرجێک دژ نەوەستێتەوە لەگەڵ دەستوردا، پێویستە لەسەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوڕێکارانەی گرتونیەتیەبەر و دەرئەنجامەکان بخاتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە دوای کۆتایی هاتنیان. بەڵام لە بارودۆخە ئاساییەکاندا هیچ دەقێک بەدی ناکرێت کە پاڵپشتی پەرلەمان بکات بۆ ڕاسپاردنی حکومەت لە هەندێ تایبەتمەندییەکانی لە دانانی یاسادا، هەر بۆیە ڕاسپاردنی پەرلەمانی لە بارودۆخی ئاساییدا بە پوچەڵ هەژمار دەکرێت و پیادەکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان کۆتوبەند دەکات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا ڕێگە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دراوە کە مەرسوم دەربکات و هێزی یاسایی هەبێت لە کاتی ڕودانی مەترسی لەناکاودا بەو مەرجەی بە ڕاوێژکردن بێت لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیراندا، هەروەها دەبێت بخرێتە بەردەم یەکەمین کۆبونەوەی پەرلەمان تاوەکو پەسەندی بکات و هێزی یاسایی بەدەست بهێنێت (پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩، بڕگەی حەوتەم لە مادە ٦٥). کەواتە سەرۆکی هەرێم دەتوانێت لە بارودۆخی هەڵاوێرکراودا تایبەتمەندی دەرکردنی یاساکان بدات بە خودی خۆی بەبێ ئەوەی پێویست بکات لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ڕابسپێرێت، لەکاتێکدا ڕاگەیاندنی بارودۆخی هەڵاوێرکراو لە هەرێمدا لە تایبەتمەندییەکانی سەرۆکی هەرێمە (پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩، بڕگەی هەشتەم لە مادە ٦٥). ئەم هەڵوێستەی دانەری پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لەم بابەتەدا جێگەی ڕەخنەیە، لەبەرئەوەی دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەبێتەهۆی سنورداركردنی چوارچێوەی ماف و ئازادییە گشتییەکان، بۆیە داوا دەکەین لە دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستاندا بەهەمان شێوەی دەستوری کارپێکراوی عێراق دەسترۆیی لە ڕاسپاردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ دەرکرنی یاساکان لە بارودۆخە هەڵاوێرکراوەکاندا بدرێت بە پەرلەمان.

دووەم: پایەی شێوە (الشكل):

بۆئەوەی یاسایەک بە دەستوری لە قەڵەم بدرێت دەبێت بەپێی ئەو شێوەیە دەربکرێت کە دەستور داوای کردووە، واتە دەبێت ڕەچاوی تەواوی ئەو ڕێکار و ماوە یاساییانە بکرێت کە دەستور بە پێویستی داناوە بۆ تەواو کردنی پرۆسەی یاسادانان، ئەم ڕێکار و فۆرمانەی کە یاسادانەری دەستوری دەقی لەسەر داوە بە گرەنتییەک دادەنرێت بۆ ماف و ئازادییەکان، وەک ڕێکاری گفتوگۆ کردن و تەواوکردنی نیسابی یاسایی دیاری کراو، بۆیە سزای دەرچوون لە یەکێک لەو ڕێکارانەی کە دەستور بڕیاری لەسەر داوە بریتیە لە نادەستوری بوونی یاساکە.

لەو ڕێکارانەی کە پێویستە ڕەچاو بکرێت بۆ دانانی یاسایەکی دیاری کراو، وەک ئەوەی مادە (٤٤) لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان دەقی لەسەر داوە کە دەبێت ئەندامی پەرلەمان سوێندی دەستوری بخوات پێش دەستبەکاربوونی، هەروەها مادە (٤٨) لەهەمان پرۆژەدا دەقی لەسەر ئەوەی کە نیسابی یاسایی پەرلەمان بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی دەبێت و بڕیارەکانیشی بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان دەردەچن مەگەر دەقێکی یاسایی یاخود پێڕەوی ناوخۆ بە پێچەوانەی ئەوە هاتبێت. وە لە دەستوری کارپێکراوی عێراقدا بەپێی بڕگەی لە مادەی (٥٩) نیسابی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی دیاری کردوە، بەڵام بەپێێ بڕگەی دووەم لەهەمان مادەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە دەرکردنی بڕیارەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی سادە دەبێت دوای تەواوکردنی نیسابی یاسایی مەگەر بە پێچەوانەی ئەوە دەق هاتبێت [٥].

ئەوەی جێگەی ئاماژەدانە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و بەشێکی زۆر لە دەستوری دەوڵەتان هیچ دەقێک نادۆزیتەوە کە شێوەیەکی دیاری کراوی بە مەرج دانرابێت بۆ دەرکردنی یاسایەک کە ڕێکخەری ماف و ئازادییە گشتییەکانە، بە پێچەوانەوە لە ڕێکخستنی هەندێ بابەتی تردا ئەوە بە ڕوونی بەدی دەکرێت وەک ئەوەی لە دەقی مادە (١٢٣) لە دەستوری هەموارکراوی جەزائیر بۆ ساڵی (١٩٩٦) دا هاتووە کە دەنگدان لەسەر یاسای ئەندامی (القانون العضوي) بە زۆرینەی ڕەهایی ئەندامانی ئەنجومەنی گەلی نیشتیمانی و سێ لەسەر چواری ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوە دەبێت [٦]. لەم ڕوانگەیەوە و لەبەر گرنگی بابەتی ماف و ئازادییە گشتییەکان بە پێویستی دەزانین لە چوارچێوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا مادەیەکی تر زیاد بکرێت بەجۆرێک ئەو یاسایانەی کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان ڕێکدەخەن بەلایەنی کەمەوە بە دەنگی دوو لەسەر سێی کۆی ئەندامانی پەرلەمان دەربچێت تاوەکو ڕێگری بکرێت لە بەرتەسک کردنەوەی چوارچێوەی ئەو ماف و ئازادییانە بۆ مەبەستێکی دیاری کراو.

سێیەم: پایەی مەبەست (الغاية):

ڕایەڵەی مەبەست بریتیە لە ئەنجامی کۆتایی و دوور و ناڕاستەوخۆ کە پێویستە یاسادانەر پێی بگات لە چوارجێوەی ڕێکخستنی بۆ بابەتی ماف و ئازادییە گشتییەکان (عبدالبر، ١٩٩٨، ١٨٤).

وەک ئاشکرایە هەمیشە مەبەستی هەموو یاسایەک بریتیە لە بەرژەوەندی گشتی کە یاسانەر ئامانجێتی بەدی بهێنیت لە ڕێگەی دەقە یاساییەکانەوە، کە شێوەکەی لە یاسایەکەوە بۆ یاسایەکی تر دەگۆڕێت بەپێی ئەو بوارەی کە یاسادانەر ڕێکیدەخات، بۆیە پێویستە یاسادانەر ڕەچاوی بکات لە کاتی دەرکردنی یاساکاندا، بەپێچەوانەوە یاساکە بە نادەستوری دادەنرێت لەبەرئەوەی زیادەڕۆیی کردووە لەو سنورەی کە دامەزرێنەری دەستوری بۆی دیاری کردووە و بە لادانی یاسایی (الانحراف التشريعي) هەژمار دەکرێت (العصار، ٢٠١٠، ٩). مەبەست لە لادانی یاسایی بەکارهێنانی دەسەڵاتی تەقدیرییە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە بۆ هێنانەدی ئامانجێکی جیاوازتر لەوەی کە دەستور لە پێناویدا ئەو دەسەڵاتەی پێداوە کە ئەویش بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی گشتییە (العنزي و طالب، ٢٠١٦، ٤٧٩ – ٤٨٠). کەواتە بەرژەوەندی گشتی بە کۆتوبەندێک دادەنرێت لەسەر دەسەڵاتی تەقدیری پەرلەمان و دەبێت هەمیشە پێوەی پابەند بێت، گەرنا وا دادەنرێت کە زیادەڕۆیی کردووە لەو سنورەی کە دەستور بۆی کێشاوە بۆ مەبەستێکی ناڕەوا. لەم بوارەدا دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق چەندین حالەتی ڕەت کردوەتەوە پاڵپشت بە لادانی یاسایی وەک هۆکارێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاساکان، وەک یاسای هەڵبژاردنەکان ژمارە (١٦) بۆ ساڵی ٢٠٠٥ کە سەرپێچی بەندی یەکەم لە مادە (٤٩) لە دەستوری کارپیکراو کە تیایدا هاتووە ئەنجومەنی نوێنەران لە ژمارەیەک ئەندام پێکدێت بە ڕێژەی یەک کورسی بۆ سەد هەزار کەس لە دانیشتوانی عێراق، لە کاتێکدا لە بەندی دووەم لە مادە (١٥) لە یاسای تانە لێدراودا پشت دەبەستێت بە پێوەری ژمارەی کاندیدانی تۆمارکراوان لە تۆماری هەرپارێزگایەکدا، بۆیە دادگای ناوبراو بڕیاریدا بەوەی کە مادە (١٥) لە یاسای هەڵبژاردنەکان دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ مادە (٤٩) لە دەستوردا، هەروەها نادەستوریی بوونی یاسای ئاماژەپێدراو (المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٠٦، ١٥ / اتحادية).

لقی دووەم: ڕەهەندەکانی دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانان لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا:

ڕەهەندەکانی دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەر ئاسایی لە بواری ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان لە هەردوو پایەی شوێنگە و هۆدا بوونی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک کۆتوبەندی لەسەر دانراوە لە دەستوردا کە دەبێت ملکەچی بێت، لە چوارچێوەی ئەم داخوازییەدا هەوڵدەدەین لە دوولقدا تاوتوێیان بکەین.

یەکەم: پایەی شوێنگە(محل):

شوێنگە لە یاسادا بریتیە لەو شوێنەوارە یاساییەی کە ڕیز دەبێت لە خودی یاساکەوە، بەو پێیە بنەمای سەرەکی ئەوەیە کە یاسادانەر دەسەڵاتی تەقدیری هەیە لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێکارەی کە بەگونجاوی دەزانێت لەنێوان کۆی بژاردەکاندا کە لەبەردەستیدایە مەگەر دەستور دەقی لەسەر ڕێکارێکی دیاری کراو دابێت، لەم حاڵەتەدا دەسەڵاتی یاسادانەر کۆتکراو دەبێت سەبارەت بە پایەی شوێنگە (العصار، ٢٠١٠، ١١). بەواتایەکی تر شوێنگە لە بواری یاسای دەستوریدا بریتیە لە نەتوانینی پەرلەمان لە دەرکردنی یاسایەک کە شوێنگەکەی پێچەوانەی سنورە دەستورییەکانە یاخود پرنسیپە باڵاکانە کە حوکمی دەستوردەکات (العوضي، ٢٠١٢، ١٩٦).

هەندێ لە زانایان پێیان وایە: ئەگەر یاسا هەردوو خەسڵەتی گشتی و داماڵدراوی (مجرد) تێدا نەبێت واتە لە شێوەی بڕیاردا دەربچێت بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتی تاکە کەسی –جگە لەو حاڵەتانەی کە دەستوروەک هەڵاوێر ڕێگەی پێداوە– ئەوا سیفەتەکەی وەک یاسا لەدەست دەدات و بە پوچەڵ (باطل) هەژمار دەکرێت لەبەرئەوەی پێچەوانەی دەستورە لەڕووی شوێنگەوە (نقلا عن: عمر و بدير، ٢٠١٥، ٤٧٩). لە کاتێکدا هەندێکی تر دەڵێن: دەرچونی یاسا بە مەبەستی چارەسەرکردنی حاڵەتی تاکە کەسی سیفەتی گشتی و داماڵدراو لەدەست نادات و هەر بە یاسا ناو دەبرێت، بەڵام ئەگەر دەربچێت لەلایەن لایەنێکی ناتایبەتمەندەوە ئەوا یاسایەکی نادەستوریە لەبەرئەوەی پێچەوانەی پایەی تایبەتمەندیە نەک پایەی شوێنگە (الطبطبائي، ٢٠٠٠، ٤٤٩).

ئێمە پێمان وایە دەکرێت یاسایەک دەربچێت بە مەبەستی چارەسەرکردنی حاڵەتی تاکە کەسی بەبێ ئەوەی سیفەتی گشتی و داماڵدراو لەدەست بدات، لەبەرئەوەی لە هەندێ حاڵەتدا دەگونجێت یاسا تەنها بەسەریەک کەسدا جێبەجێ بێت مادام شایەنی ئەوەیە جێبەجێ بێت بەسەر هەر کەسێکدا کە هەمان پێگەی یاسایی هەبێت. وەک ئەو یاسایەی کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەریکردووە بە ناوی یاسای تەرخانکرنی موچەی خانەنشینی بۆ خێزانی سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق عەبدولڕەحمان عارف [٧].

ئەوەی جێگەی باسە یاسادانەری ئاسایی کاتێک پیادەی دەسەڵاتی تەقدیری خۆی دەکات لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا پێویستە پابەند بێت بەوەی کە ئەو ماف و ئازادییانە یاساغ نەکات یاخود بەهەدەریان نەدات یاخود بەتاڵیان نەکاتەوە لە ناوەڕۆکەکەی یاخود بەشێوەیاکی بەرفراوان کۆتوبەندیان نەکات کە وابکات پیادەکردنیان ئەستەم بیت (العصار، ٢٠١٠، ١٢). ئەمە زۆر بە ڕوونی لە مادە (٤٦) لە دەستوری عێراقی کارپێکراو و مادە (٣٨) لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان جەختی لەسەرکراوەتەوە کە - پێشتر ئاماژەمان پێکردووە – ئەبێت تەواوی ئەو ماف و ئازادییە گشتییانەی کە بە یاسا ڕێکدەخرێن بەشیوەیەک بێت کرۆکی ماف و ئازادییەکە نەشێوێنێت.

لەتەک ئەو کۆتوبەندەی کە لە بەشێکی زۆری دەستورەکاندا هاتووە کە بەشێوەیەکی گشتی بەسەر سەرجەم ماف و ئازادییەکاندا جێبەجێ دەبێت و پێویستە لەسەر یاسادانەری ئاسایی لە کاتی ڕێکخستنیان پێوەی پابەند بێت، هەندێ لە بەڵگەنامە دەستورییەکان بۆ بەشێک لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان بە جیا کۆتوبەندی تایبەتی بۆ داناوە، وەک یاسای بنەڕەتی ئەڵمانی بۆ ساڵی ١٩٤٩ کە لە برگەی دووەم لە مادە یانزەدا دەقی داوە لەسەر ئەوەی کە ناکرێت ئازادی هاتوچۆکردن کۆت بکرێت بە یاسا نەبێت و تەنها لەو حاڵەتانەی شوێنێک بە تەواوەتی پێکهاتەی بنەڕەتی ژیانی تێدا نەبێت یاخود پێویست بێت بۆ دورخستنەوەی مەترسیەک بۆ سەر ئاسایشی وڵات یاخود بۆ بەرەنگاربونەوەی پەتایەک بێت یاخود بۆ دورخستنەوەی ڕوداوێکی

سروشتی بێت یاخود پێویست بێت بۆ خۆپاراستن لە ڕوودانی تاوانەکان. هەروەها دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ کۆتوبەندی تایبەتی داناوە بۆ هەندێ لە ماف و ئازادییە گشتییەکان، وەک ئەوەی لە برگەی یەکەم لە مادە (١٧) دەقی لەسەر داوە کە دەڵێت: "هەر تاکێک مافی پاراستنی تایبەتمەندی کەسێتی خۆی هەیە بەو شێوەیەی کە ناتەبا نەبێت لەگەڵ مافی کەسانی دیکە و ئادابی گشتیدا"، هەروەک مادە (٣٨) لەهەمان دەستوردا دەقی داوە لەسەر: "دەوڵەت ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ بەمەرجێک نەبێتە هۆی تێکچوونی یاسا و ئادابی گشتی:

یەکەم: ئازادی دەربڕین بە هەموو شێوازەکان.

دووەم: ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپکردن و ئاگاداری و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە.

سێیەم: ئازادی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی هێمنانە بە یاسا ڕێکدەخرێت".

لەو دەقانەی سەرەوە تیبینی ئەوە دەکەین کە دەستوری کارپێکراوی عێراق کۆتوبەندێکی تایبەتی داناوە کە ئەویش بریتیە لە هاوشێوە و گونجاوی (مطابقة) هەندێ لە ماف و ئازادییەکان لەگەڵ سیستەمی گشتی و ئادابی گشتیدا، ئەویش سەبارەت بە هەریەک لە مافی تایبەتمەندێتی و ئازادیەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەری و چاپکردن و ڕاگەیاندن و بەهەمان شێوە ئازادی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی هێمنانەیە. دەستەواژەی (سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی) ڕاستەوخۆ ئەوە بە بیرماندا دەهێنێت کە دەبێتەهۆی بەرتەسکردنەوەی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان بە بیانووی بەرژەوەندی گشتی.

سەبارەت بە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، تەنها لە یەک حاڵەتدا کۆتوبەندی تایبەتی داناوە لەسەر یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا، ئەویش بریتیە لە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی پەیوەست بە مافەکانی کرێکار و پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن کار، بەشێوەیەک برگەی پێنجەم لە مادە (٢٤) لە پرۆژەکەدا دەقی داوە لەسەر: "کرێکار مافی ئەوەی هەیە بۆ کاری یەکسان هەقدەستی یەکسان وەربگرێ و بە یاساش پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن کار لەسەر بنەماکانی ئابوری ڕێکدەخرێت، لەگەڵ ڕەچاو کردنی ڕێساکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی".

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕایەی کە دەکرێت لە چوارچێوەی دەستوردا دوو جۆر کۆتوبەند لەسەر یاسادانەری ئاسایی دابنرێت لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا، جۆری یەکەم بریتیە لەو کۆتوبەندەی کە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر هەموو ماف و ئازادییەکاندا جێبەجێ دەبێت، هەروەها دەکرێت لەپاڵ ئەوەشدا کۆتوبەندی دووەم بەسەر یاسادانەردا بسەپێنرێت و پابەند بکرێت پێوەی کە تایبەت بێت بە جۆرێکی دیاری کراو لە ماف و ئازادییە گشتییەکان. لە چوارچێوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هەردوو جۆرەکە بوونی هەیە، سەبارەت بە جۆری یەکەمیان کە کۆتوبەندێکی گشتییە لە مادە (٣٨) لە پرۆژەکەدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام سەبارەت بە جۆری دووەم کە کۆتوبەندێکی تایبەتە تەنها لە یەک جێگەدا لە مادە (٢٤)ی پرۆژەکەدا دەقی لەسەر هاتووە کە ئەویش بریتیە لە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەلایەن یاسادانەری ئاساییەوە لە ڕێکخستنی مافەکانی کرێکار و پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن کاردا. بۆیە بە پێویستی دەزانین کە لە دەستوری داهاتووی هەرێمدا لەپاڵ ئەو کۆتوبەندەدا هەندێ کۆتوبەندی دیکەش دابنرێت لەسەر هەندێ لە ماف و ئازادییە گشتییەکان، تاوەکو بەتەواوەتی ڕێگر بێت لەبەردەم پەرلەماندا لە زیادەڕۆیی کردن لەو دەسەڵاتە تەقدیرییەی کە هەیەتی و پیادەکردنی ئەو ماف و ئازادییانە لەلایەن هاوڵاتیانەوە نەکەوێتە مەترسییەوە.

دووەم: پایەی هۆ (السبب):

پایەی هۆ لەو یاسایانەی کە ماف و ئازادییە گشتییەکان ڕێکدەخەن خۆی لەو بارودۆخەدا دەبینێتەوە کە وا لە یاسادانەر دەکات کە یاسایەکی لەبارەوە دەربکات (عمر و بدیر، ٢٠١٥، ١٩٨). ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە ئەو بارودۆخانەی کە وا لە ئیدارە دەکات کە بڕیارێکی کارگێڕی دەربکات جیاوازە لە بواری یاسادا، لەبەرئەوەی هەمیشە یاسا پاڵپشت بە بارودۆخێکی دیاری کراو دەرناچێت بەڵکو لەژێر ڕۆشنایی سیاسەتێکی دیاری کراودا دەردەکرێت بۆ داهاتوو (العنزي و طالب، ٢٠١٦، ٤٨٠). هەروەک سەرپێچی یاساکان بۆ دەستور لە بواری هۆدا لە دوو ئەگەر تێپەڕناکات:

١. ئەگەری یەکەم: یاسادانەری دەستوریی هۆکاری دیاری کراو دادەنێت بۆ دەرکرنی یاسایەک و اتە هاتنەدی ئەو بارودۆخە بە پێویست دەزانێت، لەم حاڵەتەدا دەبێت یاسادانەری ئاسایی ڕەچاوی ئەو بارودۆخە بکات لە کاتی دەرکردنی یاساکەدا بەپێچەوانەوە هێزی یاسایی خۆی لەدەست دەدات.

٢. ئەگەری دووەم: یاسادانەری دەستوریی هیچ هۆکارێکی دیاری کراو دانانێت بۆ دەرکرنی یاسایەک، و اتە بە ڕەهایی لەلایەن یاسادانەری ئاساییەوە تەقدیری بارودۆخەکە دەکرێت، لەم حاڵەتەدا دادگای دەستوری ناتوانێت چاودێری دەسەڵاتی تەقدیری پەرلەمان بکات ئەمەش پاڵپشت بە پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە سنوری نێوان دەسەڵاتەکانی کێشاوە و ناکرێت هەمواربکرێتەوە.

وەک ئاشکرایە یاسادانەری ئاسایی دەسەڵاتی تەقدیر کردنی بارودۆخەکانی هەیە بۆ دەرکردنی یاساکان، بەڵام ئەم دەسەڵاتەی بەشێوەی ڕەها نییە بەڵکو لە هەندێ حاڵەتدا کە دەستور دیاری کردووە سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی دەرکردنی یاسای هەیە لەڕێگەی بڕیارەکانیەوە، لەم بارەدا سەرۆک کۆمار لەپاڵ مەرجەکانی تردا کۆتکراوە بە بوونی ڕەگەزی پێویستی (عنصر الضرورة) کە بریتیە لە بوونی بارودۆخێک کە ڕێگەی پێدەدات یاسا دەربکات بەشێوەی هەڵاوێر (الاستثناء)، تاوەکو هیچ بوارێک لەبەردەمیدا نەبێت لە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەیدا کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ماف و ئازادی تاکەکان دروست بکات (عمر و بدیر، ٢٠١٥، ١٩٨).

داخوازی دووەم: چاودێری دەستوریی لەسەر دەسەڵاتی یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا:

چاودێری کردن بەسەر دەستوریی بوونی یاساکان بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی بواری دەستوری دادەنرێت، بەو پێیەی کارکردن بەم چاودێرییە پابەندی لەسەر یاسادانەری ئاسایی دروست دەکات کە یاساکان هاوشێوەی حوکمەکانی دەستور دەربکات، لەبەرئەوەی دەستور بە باڵاترین ڕێسای

یاسایی هەژمار دەکرێت لە دەوڵەتدا بەپێی هەردوو پرەنسیپی باڵایی دەستورو پلەبەندی ڕێسا یاساییەکان (الباز، ١٩٧٨، ١٠).

لەڕاستیدا بابەتی ملکەچی دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەری ئاسایی بۆ چاودێری دادگا جێگەی ناکۆکییە لەنێو زاناکانی بواری یاسای دەستوریدا، هەندێکیان دەڵێن پیادەکردنی دەستڕۆیی یاسادانان لەلایەن یاسادانەرەوە بەپێی دەسەڵاتە تەقدیرییەکەی دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی چاودێری دادوەرییەوە، بەو پێیەی گونجاوی یاسا (ملاءمة التشريع) بە یەکێک لە ڕوالەتەکانی دەسەڵاتی تەقدیری یاسادانەری ئاسایی هەژمار دەکرێت، هەروەها بە پێشێلکردنی سنوری دەستڕۆیی یاسادانان هەژمار دەکرێت کە لەلایەن دانەری دەستورییەوە کێشراوە بۆ یاسادانەری ئاسایی کە ئەمەش دژ دێتەوە لەگەڵ پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان (الطبطبائي، ٢٠٠٠، ٤٧٨). بەڵام بەشێکی تر لە زانایان – لەگەڵ ئەوەی داندەنێن بەوەی کە گونجاوی یاسا بە یەکێک لە بژاردەکان دادەنرێت کە بەجێهێڵراوە بۆ یاسادانەری ئاسایی – پێیان وایە چاودێری دادوەری هەر دەمێنێتەوە لەسەر دەسەڵاتە تەقدیرییەکەی، ئەمەش لەپێناو دڵنیابوون لە مەودای پاراستنی حوکم و ڕێساکانی دەستور لەلایەن یاسادانەر و گونجاوی ئەو چارەسەرەی کە دەستنیشانی دەکات لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە دامەزرێنەری دەستوریی مەبەستێتی بیهێنێتەدی (أبو المجد، ١٩٩٨، ٤٧٨).

بەهەمان شێوە بۆچوونی جیاواز هەیە لە هەڵوێستی دادگاکاندا لەم بابەتەدا، بەشێوەیەک بەشێکیان دەڵێن دەسەڵاتی تەقدیری دراوە بە یاسادانەری ئاسایی بۆ هەڵبژاردنی باشترین بژاردە لەنێوان کۆی بژاردەکاندا کە زیاتر گونجاوە لەو بابەتەی کە شوێنگە (محل)ی ڕێکخستنەکەیە بەبێ ئەوەی ملکەچی چاودێری دادوەری بێت. لە کاتێکدا بەشێکی تریان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەڕۆن کە مەودای گونجاوی ئەو چارەسەرەی کە یاسادانەر هەڵیدەبژێرێت لەنێو کۆی بژاردەکاندا لەلایەن دادگاوە چاودێری دەکرێت، ئەمەش مانای وایە کە دادگاکان بەشدار دەبن لەگەڵ پەرلەماندا لەو دەستڕۆییەی کە هەیەتی لە دانانی یاساکاندا (بالجيلاني خالد، مصدر سابق، ٢٢٨ وما بعدها).

لە عێراقدا بابەتی چاودێری کردن بەسەر دەستوری بوونی یاساکان لە چوارچێوەی دەستوری ساڵی (٢٠٠٥) ڕێکخراوە، و ئەم کارەشی سپاردووە بە دادگای باڵای فیدراڵی بەپێی `برگەی یەکەم لە مادە (٩٣)، هەر لەو بارەیەوە دادگاکە لە چەندین حاڵەتدا دەقە یاساییەکانی ڕەتکردۆتەوە بە بیانوی نادەستوری بوونیان. ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە لێرەدا ئەم دادگایە سەیری ڕەوایەتی یاسا کارپێکراوەوکان دەکات و چاودێرییەکەی بەشێوەی پاشکۆیە (الرقابة اللاحقة)، واتە سەیری پرۆژە یاخود پێشنیارە یاساییەکان ناکات پێش دەرچوونیان بەڵکو تەنها سەیری یاسا دەرچووەکان دەکات پاش ئەوەی دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. لەم ڕوانگەیەوە دادگای باڵای فیدراڵی ڕەتی کردەوە کە دەستڕۆیی هەبێت لە سەیرکردنی بابەتی دروستی دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسایی پێکهێنانی هەرێمەکان لە عێراقدا ئەگەرچی داواکاران پاڵپشت بە دەقی مادە (٥٢ / دووەم) لە دەستوری کارپێکراو داواکەیان جوڵاندبوو کە دەڵێت: "دەکرێت تانە لە بڕیاری ئەنجومەن بدرێت لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵیدا لە ماوەی سی ڕۆژدا لە بەرواری دەرچوونی بڕیارەکە" (المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٠٦، ١٨ / اتحادية).

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، مادە (٩١) لە پرۆژە دەستوری هەرێم دەقی داوە لەسەر دامەزراندنی دادگای دەستوری بەپێی یاسایەک، و دەستڕۆیی چاودێری کردن بەسەر دەستوری بوونی یاساکان بەخشراوە بەم دادگایە، ئەویش لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان ئەنجومەنی وەزیران یان دە کەس لە ئەندامانی پەرلەمان. هەروەها بەپێی برگەی دووەم لە مادە (٣٨) لەهەمان پرۆژە هەموو کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی ڕاستەوخۆ دەتوانێت لەبەردەم دادگای دەستوری تانە بدات لەو یاسایانەی کە نادەستورین و کۆتوبەندی مافێک دەکەن کە لە دەستوردا دانپێدانراوە. وە بەپێی برگەی سێیەم لە مادە (٩٥) لە پرۆژەکە دادگای دەستوری هەڵدەستێت بە یەکلای کردنەوەی ئەو دەفعانەی کە لە داوایەکدا پێشکەشی دەکرێت سەبارەت بە دەستوری نەبوونی یاسایەک، و دەبێت دادگاکەش خودی داواکە دوابخات تا ئەو کاتەی ئاکامی دەفعەکە یەکلا دەکاتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێین هەر یاسایەک کە لەلایەن یاسادانەرەوە دەردەچێت بۆ ڕێکخستنی بابەتێکی دیاری کراو ئەوا دەکەوێتە ژێر چاودێری دەزگایەکی دادوەری تایبەتمەندەوە، کە دەستڕۆیی هەیە بۆ ڕەتکردنەوەی یاساکە ئەگەرهاتوو سەرپێچی حوکمەکانی دەستور بێت بەو پێیەی ڕێساکانی باڵاییان هەیە بەسەر سەرجەم یاسا کارپێکراوەکانی دەوڵەتدا، ئەو دەزگایە لە عێراقدا بریتییە لە دادگای باڵای فیدراڵی و لە هەرێمی کوردستاندا دادگای دەستورییەوە. بەڵام ئەم دادگایە لە هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا بوونی نیە، بۆیە دامەزراندنی دادگای دەستوری لە هەرێم بە گرنگ دەزانین تاوەکو دەستڕۆیی هەبێت بۆ یەکلای کردنەوەی کۆی ئەو کێشە دەستورییانەی کە لە هەرێم دێنە ئاراوە، لەنێویاندا چاودێری کردن بەسەر دەستوری بوونی تەواوی ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچێت بەتایبەتی ئەو یاسایانەی مافێک یاخود ئازادییەکی گشتی ڕێکدەخات –کە بابەتی توێژینەوەکەمانە– تاوەکو ڕێگر بێت لە بەرتەسکردنەوەی پیادەکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان لەلایەن تاکەکانەوە بە یاسای ئاسایی.

## کۆتایی

دوای تەواوکردنی توێژینەوەکەمان، ئاماژە بە گرنگترین ئەو دەرئەنجام و پێشنیارانە دەدەین کە پێی گەیشتووین:

### یەکەم: دەرئەنجامەکان:

١) بەشێوەیەکی گشتی دەستڕۆیی یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا بریتییە لە هەبوونی دەسەڵاتێکی تەقدیری، کە مەبەست لێی ئەو ئازادییەیە کە بە یاسادانەری ئاسایی بەخشراوە بۆ هەڵبژاردن لەنێوان کۆمەڵێک بژاردەدا لە پیادەکردنی تایبەتمەندییەکەی لە دەرکردنی یاسادا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبێت بەڵکو دەبێت پابەندی ئەو سنورە بێت کە دەستور بۆی دیاری کردووە لەپێناو هێنانەدی ئامانجێکی دیاری کراو کە دانەری دەستور مەبەستیەتی.

٢) سروشتی ماف و ئازادییە گشتییەکان کاریگەریان لەسەر دەسەڵاتی یاسادانەری ئاسایی هەیە، بەجۆرێک لە بەشێکیاندا دەستڕۆیی یاسادانەری ئاسایی بە تەواوەتی کۆتکراوە و دەسەڵاتی تەقدیری تیایاندا نییە، بەڵام سەبارەت بە زۆرینەی ماف و ئازادییەکان دەسەڵاتی یاسادانەر لە ڕێکخستنیاندا دەسەڵاتێکی تەقدیریە کە بەپێی دەستور پێیدراوە. وە لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کودستاندا - هاوشێوەی دەستوری عێراق - تەواوی ئەو ماف و ئازادییانەی کە دەقیان لەسەر هاتووە لە جۆری دووەمن، واتە دەکرێت یاسادانەری ئاسایی بە یاسایەک هەڵبستێت بە کۆتکردنیان بەمەرجێ کرۆکی مافەکە یاخود ئازادییەکە پێشێل نەکات.

٣) ئەنجومەنی وەزیران – بە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن – دەتوانێت پرۆژە یاسا ئامادە بکات و پێشکەش بە پەرلەمانی بکات، و دەشگونجێت ئەو پرۆژە یاسایە تایبەت بێت بە ڕێکخستنی یەکێک لە ماف و ئازادییە گشتییەکان.

٤) لە چوارچێوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا – بە پێچەوانەی زۆرینەی دەستورەکان- سەرۆکی هەرێم لە بارودۆخە هەڵاوێرکراوەکاندا لەڕێگەی دەرکردنی مەرسومێکەوە کە هێزی یاسایی هەیە دەتوانێت دەستڕۆیی دەرکردنی یاساکان بدات بە خودی خۆی بەبێ ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە ڕابسپێرێت، لەکاتێکدا ڕاگەیاندنی بارودۆخی هەڵاوێرکراو بەپێی هەمان پرۆژەی دەستور لە تایبەتمەندییەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. ئەم هەڵوێستە جێگەی ڕەخنەیە، لەبەرئەوەی دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەکرێت بێتەهۆی سنورداركردنی چوارچێوەی ماف و ئازادییەکان.

٥) لە نێو پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا – هاوشێوەی زۆرینەی دەستوری دەوڵەتان –دەقێک نادۆزینەوە کە شێوەیەکی –(الشكل)– دیاری کراو بە مەرج دابنێت سەبارەت بە دەرکردنی ئەو یاسا ئاساییانەی کە ماف و ئازادییە گشتییەکان ڕێکدەخەن.

٦) دەکرێت لەنێو دەقەکانی دەستوردا دوو جۆر کۆتوبەند لەسەر یاسادانەری ئاسایی دابنرێت بۆ ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان، جۆری یەکەمیان بریتیە لەو کۆتوبەندەی کە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر تەواوی ماف و ئازادییەکاندا جێبەجێ دەبێت، لەتەک ئەوەشدا دەگونجێت کۆتوبەندی دووەم بەسەر یاسادانەردا بسەپێنرێت و پێوەی پابەند بکرێت کە تایبەت بێت بە جۆرێکی دیاری کراو لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان. لەنێو پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هەردوو جۆرەکە بوونی هەیە، سەبارەت بە جۆری یەکەمیان کە کۆتوبەندێکی گشتییە لە مادە (٣٨) لە پرۆژەکەدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام سەبارەت بە جۆری دووەمیان کە کۆتوبەندێکی تایبەتە تەنها لە یەک جێگەدا لە مادە (٢٤)ی پرۆژەکەدا دەق لەسەر هاتووە، کە ئەویش بریتیە لە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەلایەن یاسادانەری ئاساییەوە لە ڕێکخستنی مافەکانی کرێکارو پەیوەندی نێوان کرێکارو خاوەن کاردا.

٧) سەرجەم ئەو یاسا ئاساییانەی کە مافێک یاخود ئازادییەک ڕێکدەخەن دەکەونە ژێر چاودێری دەزگایەکی دادوەری تایبەتمەندەوە، بەشێوەیەک دەستڕۆیی هەیە بۆ ڕەتکردنەوەی یاساکان ئەگەرهاتوو سەرپێچی حوکمەکانی دەستور بن، بەو پێیەی ڕێساکانی باڵاییان هەیە بەسەر تەواوی یاسا کارپێکراوەکانی دەوڵەتدا، ئەو دەزگایە لە هەرێمی کوردستان بەپێی پرۆژەی دەستوری هەرێم بۆ ساڵی (٢٠٠٩) دادگای دەستوریەوە. بەڵام ئەم دادگایە لە هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا بوونی نیە.

دووەم: پێشنیارەکان:

١) دەرچواندنی دەستورێکی مۆدێرن بۆ هەرێمی کوردستان لە نزیکترین کاتدا بە یەکێک لە کارە پێشینەییەکان دەزانین، بەشێوەیەک کۆتوبەند لەسەر دەستڕۆیی یاسادانەری ئاسایی دابنێت لە ڕێکخستنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا، تاوەکو بەتەواوەتی ڕێگر بێت لەبەردەم پەرلەماندا لە زیادەڕۆیی کردن لەو دەسەڵاتە تەقدیرییەی کە هەیەتی، و پیادەکردنی ئەو ماف و ئازادییانە لەلایەن هاوڵاتیانەوە نەکەوێتە مەترسییەوە.

٢) بە پێویستی دەزانین لە دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستاندا بە دەق ڕێگری بکرێت لە یاسادانەری ئاسایی کە هەڵبستێت بە ڕێکخستنی هەندێ لەو ماف و ئازادییە گشتییانەی کە لەنێو دەستوردا هاتوون، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن بە ژیان و کەرامەتی مرۆڤەوە.

٣) ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش دەکرێن و پەیوەستن بە ڕێکخستنی یەکێک لە ماف و ئازادییە گشتییەکان، بە پێویستی دەزانین ڕەوانەی لای لیژنە پسپۆڕ و تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستان بکرێن بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و دوبارە داڕشتنەوەیان بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، تاوەکو ببێتە بەربەست لەبەردەم بەرتەسکردنەوەی چوارچێوەی ماف و ئازادییەکان، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەم بابەتە بە دەقێک لە دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستاندا جێگەی بکرێتەوە.

٤) بەمەبەستی ڕێگری کردن لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە زیادەڕۆیی لە دەستڕۆییەکانیدا، داوا دەکەین لە دەستوری داهاتووی هەرێمدا - بەهەمان شێوەی دەستوری کارپێکراوی عێراق - دەستڕۆیی لە ڕاسپاردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ دەرکرنی یاساکان لە بارودۆخە

هەڵاوێرەکاندا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بسەندرێتەوە و بدرێت بە پەرلەمانی کوردستان.

٥) زۆر بە گرنگی دەزانین مادەیەکی تر جێگەی بکرێتەوە لەنێو دەستوری هەرێمی کوردستاندا، بەشێوەیەک ئەو یاسایانەی کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان ڕێکدەخەن بەلایەنی کەمەوە بە دەنگی دوو لەسەر سێی کۆی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەربچێت، تاوەکو ببێتە گرەنتییەک بۆ ئەو ماف و ئازادییانە و ڕێگری بکات لە سنوردارکردنیان بۆ مەبەستێکی دیاری کراو.

٦) پێشنیار دەکەین لە دەستوری داهاتووی هەرێمدا هەندێ کۆتوبەندی تایبەت دابنرێت لەسەر دەسترۆیی یاسادانەری ئاسایی لە ڕێکخستنی هەندێ لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکاندا، تاوەکو بەتەواوەتی ڕێگر بێت لەبەردەم پەرلەماندا لە زیادەڕۆیی کردن لەو دەسەڵاتە تەقدیرییەی کە هەیەتی و پیادەکردنی ئەو ماف و ئازادییانە لەلایەن هاوڵاتیانەوە نەکەوێتە مەترسییەوە.

٧) دامەزراندنی دادگای دەستوری بە دەرچواندنی یاسایەکی ئاسایی لە هەرێمی کوردستان بە گرنگ دەزانین - ئەگەرچی خاوەنی بەڵگەنامەی دەستوریش نەبین- تاوەکو تایبەتمەندی هەبێت بۆ یەکلای کردنەوەی سەرجەم ئەو کێشە دەستورییانەی کە لە هەرێمدا دێتە ئاراوە، لەنێویاندا چاودێری کردن بەسەر دەستوری بوونی ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچێت بەتایبەتی ئەو یاسایانەی مافێک یاخود ئازادییەکی گشتی ڕێکدەخات، بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە بەرتەسکردنەوەی پیادەکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان لەلایەن تاکەکانەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

**یەکەم: پەراوێزەکان:**

١. ماف و ئازادییەکان لە سەردەمی گەشەسەندنی ڕێبازی تاکگەرایدا پێی دەوترێت (ماف و ئازادییە کەسییەکان) بەو پێیەی بڕیاریان لەسەر دراوە تاوەکو لەلایەن تاکەوە پیادە بکرێن، هەروەها ناودەبرێت بە (مافە شارستانییەکان) لەبەرئەوەی ئەو تاکەی پیادەی دەکات ئەندامێکە لەچوارچێوەی کۆمەڵێکی شارستانی ڕێکخراودا. بەڵام ئەو ناوەی کە زیاتر بڵاوە لەم سەردەمەدا لەنێو دەستوری دەوڵەتاندا بریتییە لە (ماف و ئازادییە گشتییەکان) لەسەر ئەو بنچینەیەی کە هەموو تاکەکان بەبێ جیاوازی دەتوانن پیادەی بکەن لەبەرامبەر دەسەڵاتی گشتیدا.

٢. پاڵپشت بە هەردوو یاسای پەسەندکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ژمارە (١٦) بۆ ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای ژمارە (٩) بۆ ساڵی ٢٠٠٩ سەبارەت بە هەمواری یەکەمی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ژمارە (١٦) بۆ ساڵی ٢٠٠٨ پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە (٢٠٠٩/٦/٢٥) لە پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا، بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکان لەسەر بەشێک لە برگە و ماددەکانی دەستور بە تایبەت ئەو برگانەی پەیوەندی بە جۆری سیستەمی سیاسی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی هەرێم هەبوو پرۆژەکەی وەستاند و ناکۆکییە سیاسییەکان ڕێگر بوون لەوەی پرۆژەکە ڕێچکە یاساییەکەی تەواو بکات. پاشان لە مانگی ئایاری ساڵی (٢٠١٥)دا بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لیژنەی نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان پێکهێنرا، بەپێی بڕیارەکە دەبوایە لیژنەکە لە ماوەی سێ مانگدا کارەکانی تەواو بکات و لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٨/١٩) ئەو ماوەیە کۆتایی هات بەبێ ئەوەی ماوەی کارکردنی بۆ درێژ بکرێتەوە بەهۆی پەکخستنی پەرلەمانەوە. وە بێگومان لە داهاتوودا هەر کاتێک بڕیار بێت دەستورێک بۆ هەرێمی کوردستان بنوسرێتەوە، ئەوا ئەم پرۆژەیە دەبێتە بنچینەیەک بۆ دەستپێکی کارەکانی ئەو دەستەیەی کە ڕادەسپێرێت بۆ ئامادەکردنی دەستورەکە.

٣. دەقەکە بە زمانی عەرەبی: "لا يكون تقييد ممارسة أي من الحقوق والحريات الواردة في هذا الدستور أو تحديدها الا بقانون أو بناء عليه، على ألا يمس ذلك التحديد والتقييد جوهر الحق أو الحرية"

٤. دەقی برگەی دووەم لە مادە (٢٩) لە جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨): "هەموو تاکێک لە پیادەکردنی ماف و ئازادییەکانی خۆیدا تەنها ملکەچە بۆ ئەو کۆتوبەندانەی لە یاسادا بڕیاری لەسەر دراوە، بەمەبەستی دابینکردنی ڕێز و ڕەچاوگیری بۆ ئازادی و مافی کەسانی دیکە، هەروەها هێنانەدی پێداویستییەکانی دادپەروەی بۆ سیستەمی گشتی و بەرژەوەندی گشتی و ئاکار لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا".

٥. ئەوە جێگەی ئاماژەپێدانە دەستوری کارپێکراوی عێراق لە چەند مادەیەکی تردا بەپێچەوانەی مادە (٥٩) دەقی داوە ئەویش بە بەکارهێنانی دەستەواژەی (زۆرینەی دوو لەسەر سێ)، وەک برگەی نۆیەم لە مادە (٦١) سەبارەت بە (ڕەزامەندی لەسەر ڕاگەیاندنی جەنگ و بارودۆخی لەناکاو)، و مادە (١٣٧) سەبارەت بە (دواخستنی کارکردن بە حوکمی مادەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی فیدراڵی)، و برگەی دووەم لە مادە (١٣٨) سەبارەت بە (هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار).

٦. دەقەکە بە زمانی عەرەبی: "....تتم المصادقة على القانون العضوي بالأغلبية المطلقة للنواب وبأغلبية ثلاثة أرباع أعضاء مجلس الأمة ....".

٧. ئەم یاسایە بە ژمارە (٣٢) لە ساڵی (٢٠٠٨) دەرچووە کە لە سێ مادە لەخۆ دەگرێت، بڵاوکراوەتەوە لە وەقائعی عێراقیدا بە ژمارە (٤٠٥٨) لە (٢٠٠٨/٩/١). هۆکاری دەرچواندنی ئەم یاسایە بریتییە لە

دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە بۆ خێزانی سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق عەبدولرەحمان عارف.


دووەم: سەرچاوەکان:

(١) کتێبەکان:

١. د.ابراهيم محمد صالح الشرفاني، رقابة المحكمة الدستورية على السلطة التقديرية للمشرع، ط ١، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٦.

٢. د.أحمد فتحي سرور، الحماية الدستورية للحقوق والحريات العامة، ط ٢، دار الشروق، القاهرة، ٢٠٠٠.

٣. د.أحمد كمال أبو المجد، الرقابة على دستورية القوانين في الولايات المتحدة الأمريكية، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٨.

٤. د.سامر عبدالحميد العوضي، أوجه عدم دستورية القوانين في الفقه وقضاء المحكمة الدستورية العليا، دار المطبوعات الجامعية، الأسكندرية، ٢٠١٢.

٥. د.سامي جمال الدين، قضاء الملائمة والسلطة التقديرية للإدارة، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، ٢٠١٠.

٦. د.عادل الطبطبائي، الحدود الدستورية بين السلطتين التشريعية والقضائية، مجلس النشر العلمي، جامعة الكويت، ٢٠٠٠.

٧. عبدالحفيظ الشيمي، القضاء الدستوري وحماية الحريات الأساسية في القانون المصري والفرنسي، دارالنهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠١.

٨. عبد الناصر أبو سهمدانة و حسين إبراهيم خليل، موسوعة التعليق على الإعلان الدستوري، ط ١، المركز القومي للإصدارات القانونية، القاهرة، ٢٠١٢.

٩. د.عصام عبدالوهاب البرزنجي، السلطة التقديرية للإدارة والرقابة القضائية، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧١.

١٠. د.علي الباز، الرقابة على دستورية القوانين في مصر، دار الجامعات المصرية، الاسكندرية، ١٩٧٨.

١١. فاروق عبد البر، دور مجلس الدولة المصري في حماية الحقوق والحريات العامة، الجزء الثالث، مطابع سجل العرب، القاهرة، ١٩٩٨.

١٢. د. ماجد راغب الحلو، القضاء الإداري، منشأة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٤.

١٣. د.محمد سليمان الطماوي، النظرية العامة في القرارات الإدارية، ط ٥، دار الفكر العربي، مصر، ١٩٨٤.

(٢) توێژینەوەکان:

١. د. علاء عبدالحسن العنزي و سعد غازي طالب، الحدود الموضوعية للاختصاص التشريعي للبرلمان بموجب القواعد المدونة، بحث منشور في مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية – جامعة بابل، العدد (١)، السنة (٨)، ٢٠١٦.

(٣) دەستورەکان:

١. یاسای بنەڕەتی ئەڵمانی بۆ ساڵی ١٩٤٩.

٢. دەستوری هەموارکراوی جەزائیر بۆ ساڵی ١٩٩٦.

٣. دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

٤. پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٩.

٥. دەستوری کۆماری میسر بۆ ساڵی ٢٠١٤.

(٤) یاساکان:

١. یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (١٦) بۆ ساڵی ٢٠٠٥

٢. یاسای ژمارە (٢٣) بۆ ساڵی (٢٠٠٨)، بڵاوکراوەتەوە لە وەقائعی عێراقیدا، ژمارە (٤٠٥٨) لە (٢٠٠٨/٩/١).

(٥) دۆکیومێنتە نێودەڵەتییەکان:

١. جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ ١٩٤٨.

(٦) سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:

أ. تێزو ماستەرنامەکان:

١. بالجيلاني خالد، السلطة التقديرية للمشرع، أطروحة دكتوراه مقدمة إلى كلية الحقوق والعلوم السياسة بجامعة أبي بكر بلقايد، الجزائر، ٢٠١٧. متاح على العنوان الألكتروني الآتي:
https://www.mrp.gov.dz/Ministere_Arabe/pdf/Doctorat/09.pdf

٢. لوافي سعيد، الحماية الدستورية للحقوق السياسية في الجزائر، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية الحقوق والعلوم السياسة بجامعة محمد خيضر، الجزائر، ٢٠١٠. متاح على العنوان الألكتروني الآتي:
http://thesis.univ-biskra.dz/974/1/Droit_m7_2010.pdf

ب. توێژینەوەکان:

١. زعودي عمر و يحي بدير، سلطة المشرع في تنظيم الحقوق والحريات بين التقييد والتقدير، مجلة الدراسات القانونية والسياسية - جامعة عمار ثليجي بألغواط في الجزائر، العدد (٢)، ٢٠١٥. متاح على العنوان الألكتروني الآتي:
https://www.asjp.cerist.dz/en/article/37321

٢. القاضي سالم روضان الموسوي، مفهوم الخيار التشريعي في ضوء قرارات المحكمة الاتحادية العليا في العراق، بحث منشور في موقع مركز الدراسات والأبحاث العلمانية في العالم العربي، متاح على العنوان الألكتروني الآتي:

https://www.ssrcaw.org/ar/print.art.asp?aid=597929&ac=1

٣. د. عبدالعزيز محمد سالمان، رقابة الإغفال في القضاء الدستوري، بحث منشور في موقع المحكمة الدستورية العليا المصرية، العدد (١٥). متاح على العنوان الألكتروني الآتي:
https://manshurat.org/node/66837

٤. يسري محمد العصار، رقابة القاضي الدستوري في مصر وفرنسا على التناسب في التشريع، بحث منشور في موقع المحكمة الدستورية العليا المصرية، العدد (١٨). متاح على العنوان الألكتروني الآتي:
http://www.sccourt.gov.eg/SCC/?SCCPORTAL12C-JSESSIONID=gXdtp_KX-HaP9WJZ2yN8Eb77gyRKiyNiRDSyc7nRwz_F5813fNb3!291708944#

ج. بڕیارەکانی دادگا:
١. پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق: http://www.irakijudicature.org/fedralgud.

**الملخص**

تشكل الحقوق والحريات العامة ركيزة من الركائز التي تقوم عليها نظرية الدستور في وقتنا الحاضر، ولكن لا يمكن حصرها بنصوص محددة في متن الدستور، لذلك فان الدستور قد يحيل للتشريع العادي مهمة تنظيم حق أو حرية معينة، وقد استخدم المشرع الدستوري في ذلك عبارات متعددة منها: (... وينظم ذلك بقانون) أو (... وفق أحكام القانون) أو (... في حدود القانون) أو (... إلا ما استثنى بقانون). ويتقيد المشرع العادي في تنظيم الحقوق والحريات العامة لجملة من الضوابط التي حددها له الدستور، فالأصل هو حرية السلطة التشريعية في ذلك والاستثناء يتمثل في القيود التي يضعها الدستور من أجل حماية الحقوق والحريات العامة التي تتمتع بها كافة المواطنين داخل الدولة وفقا لمبدأ سمو الدستور وتدرج القواعد القانونية. لذلك يسعى هذا البحث إلى بيان القيود التي يفرضها الدستور على المشرع العادي في اطار سنه للنصوص التشريعية المتعلقة بالحقوق والحريات العامة.

الكلمات المفتاحية: المشرع العادي، الحقوق والحريات العامة، السلطة التقديرية، القيود الدستورية، الرقابة الدستورية.

Abstract

Public rights and freedom are one of the most important pillars on which constitutional theory is built, but the arrangement of this subject is quite impossible constitutionally. Thus, in some circumstances the arrangement of this freedom and rights are conducted by the legislation power, i.e. according to the constitutional texts, this subject is sent to the simple law for the purpose of its arrangement by using some terms such as: (This arrange by law) or (By law) or (According to the law decisions) or (Lawfully) or (Apart from that is an exceptions by law). Since constitution is the supreme principle of law in state, it may include many related parts of those freedom and rights and can make the simple legislator obey these rules in order to preserve the basic rights and liberty. In addition, it is considered as one of the most obvious elements of democracy

Key words: Ordinary Legislator, Public Rights and Freedoms, Legislative Authority, Constitutional Restrictions, Constitutional Control.